# ئایا ژن بۆ دەبێت گوێڕایەڵی پیاوەکەی بێت ؟

[ كردي – كوردی – kurdish ]

**شێخ موحەمەد صالح المنجد**

**وەرگێڕانی:** دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

**پێداچونەوەی:** پشتیوان سابیر عەزیز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# لماذا تطيع المرأة زوجها ؟

« باللغة الكردية »

الشيخ محمد صالح المنجد

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ئايا ژن بۆ دەبێت گوێڕایەڵی پیاوەکەی بێت ؟

**پرسیار** : کاتێك پیاوان ژن دەهێنن، بۆ پیاوەکان هەرچی بڵێن دەبێت ژنەکانیان گوێڕایەڵیان بن ؟

**وەڵام** : سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفی وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

واجبە لەسەر موسڵمان هەرکاتێك هەر حوکمێکی شەرعیان پێ ڕاگەیاند بێ هیچ منجە منج و دوودڵیەك تەسلیمی بێت، ئەگەر چی حیکمەتەکەشی نەزانێت، وەك خوای گەورە فەرموویەتی ﴿ وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْراً أَنْ يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلالاً مُبِيناً ﴾ [ الاحزاب : ٣٦ ] واتا : بۆ هیچ باوەڕدارێکی پیاو و ژن نییە، هەرکاتێك خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی بڕیار و فەرمانێکیان دا، سەرپشك بن لە جێ بەجێکردنی، هەرکەسێك سەرپێچی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی بکات ئەوە بێگومان زۆر بەڕوونی گومڕا و سەرلێشواو بووە .

چونکە باوەڕدار دڵنیایە لەوەی هەرچی حوکمێکی شەرعی هەیە حیکمەتی گەورەی خۆی هەیە، بەڵام هەندێك جار بۆی هەیە ئەو حیکمەتانە شاراوە بن لای باوەڕداران و لێیان تێ نەگەن، لەم کاتەدا بۆی دەردەکەوێت کەمتەرخەمی لە زانست و دەرکی ئەوە بۆ مەسئەلەکان، چونکە ژیری و عەقڵی مرۆڤ خاڵی نییە لە کەمی و کورتی .

وە کاتێکیش پیاو و ژن لە کەشتی ژیاندا پێکەوە کۆ دەبنەوە و بەیەکەوە گوزەران دەکەن، بێگومان جیاوازییش دەکەوێتە نێوانیانەوە، لەم کاتەشدا دەبێت لایەنێکیان مەسئەلەکە ببڕێنێتەوە و کۆتایی پێ بهێنێت، چونکە ئەگەر وا نەبێت کێشە و گیروگرفتەکان هەرگیز کۆتاییان پێ نایەت، و دووبەرەکی و جیاوازیەکانیش زیاتر و زیاتر دەبن، لەبەر ئەوە دەبێت ئەم کەشتی ژیانە بەرپرسێکی هەبێت بۆ ئەوەی ژێر ئاو نەکەوێت و هەردووکیان پێکەوە نەفەوتێن .

هەر لەبەر ئەم هۆیە دەبینین کە شەریعەتی ئیسلام قیوامەی داوە بە پیاوان و کردوونی بە بەرپرسی ژنەکانیان، چونکە

زۆربەی جار عەقڵ و ژیری پیاوان كامڵ تر و تەواو ترە، لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر ژنان گوێڕایەڵی پیاوەكانیان بن، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ بِمَا فَضَّلَ اللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ وَبِمَا أَنْفَقُوا مِنْ أَمْوَالِهِمْ ﴾ [ النساء : ٣٤ ] واتا : پیاوان قیوامە و بەرپرسیارەیەتیان هەیە بەسەر ژنەكانیانەوە، بەوەی خوای گەورە فەزڵێ هەندێكیانی داوە بەسەر هەندێكی تریاندا، وە بەوەی كە پیاوان نەفەقە و مەسرووفاتی ژنەكانیان لەسەرە لەو ماڵەی كە هەیانە .

هۆكاری ئەمەش بۆ چەند شتێك دەگەڕێتەوە :

**یەكەم** : چونكە پیاوان زیاتر بەرگەی ئەو لێپرسراویەتیە دەگرن، هەروەك چۆن ژنان زیاتر لە پیاوان تەحەمولی پەروەردە و بەخێوكردنی مناڵ و كاروباری ماڵیان هەیە، هەریەكەیان لەوی تریان شیاوترن بۆ ئەو كارەی كە ئیسلام پێی سپاردوون .

**دووەم** : لە ئیسلامدا پیاوان لەسەریان واجبە كە نەفەقە و مەسرووفاتی ژنەكانیان بدەن، بۆیە واجب نییە لەسەر ژنان كە

کار و ئیش بکەن لە پێناو بەدەست هێنانی ڕزق و ڕۆزی گوزەرانی ژیاندا، نەك هەر هێندە بگرە ئەگەر هاتوو ژنان دەوڵمەندیش بوون و و داهاتی سەربەخۆی خۆشیان هەبوو، لەم کاتەشدا هەر لەسەر پیاوان واجبە بە گوێرەی داهاتی خۆیان خەرجی و مەسروفاتی ژنەکانیان بکەن، هەر لەبەر ئەمەیە خوای گەورە قیوامە و بەرپرسیاریەتی داوەتە دەست پیاوان و نەیداوەتە دەست ژنان .

ئەوەشی کە پێویستە ڕەچاو بکرێت چەند خاڵیکە :

**یەکەم** : ئافرەت بە گوێڕایەڵی کردنی بۆ پیاوەکەی لای خوای گەورە پاداشتی خێری دەدرێتەوە .

**دووەم** : گوێڕایەڵی کردنی ژن بۆ پیاوەکەی دەبێت لە مەعصیەت و سەرپێچی کردنی خوای گەورەدا نەبێت، چونکە پێغەمبەر ( صلی اللە علیە وسلم ) فەرموویەتی : « لا طاعة لمخلوق في معصية الخالق » واتا : نابێت لە سەر پێچی کردنی خوای گەورەدا گوێڕایەڵی دروست کراوەکانی بکرێت .

**سێهەم** : کاتێك خوای گەورە واجبی کردووە لەسەر ژنان کە گوێڕایەڵی پیاوەکانیان بن، لە هەمان کاتدا واجبە لەسەر پیاوانیش کە بەجوانترین شێوە هەڵسوکەوت بکەن لەگەڵ ژنەکانیاندا، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ ﴾ [ البقرة : ٢٢٨ ] واتا : ئافرەتان بە ئەندازەی ئەوەی کە لەسەریانە، مافی ئەوەشیان هەیە کە بەجوانترین شێوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێت، نابێت ستەمی لێ بکرێت ومافەکانی پێشێل بکرێت، وە نابێت فەرمانی نەشیاوی بەسەردا بکرێت، بەڵکو دەبێت زۆر بە حیکمەت و لێزانین و نەرم ونیانی لە پێناو ئیصلاح کردنی خۆی و ئیصلاح کردنیماڵەکەیشیدا فەرمان بە ژنەکەی بکات، بۆ ئەوەی ژیانیان بە ئاسوودەی و بەختەوەری بەسەر بەرن .

پێغەمبەری خوداش ( صلی اللە علیە وسلم ) فەرموویەتی : « خيركم خيركم لأهله وأنا خيركم لأهلي » واتا : چاکترینتان ئەوانەن کە بۆ خێزانەکانیان باش و خاسن، وە منیش چاکترینتانم بۆ خێزانەکانم .

خوای گەورەش زاناترە .

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام